Koerdische Vereniging in Rotterdam "Midia"

یانەی کوردی لە رۆتردام " میدیا "

's – Gravendijkwal 28
3014 EC Rotterdam
Tel.: 010- 201 96 67

---

# کۆڕێک بۆ هونەری نیگار کێشان و ئاوتیزم

رۆژی یەک شەمە رێکەوتی 2010/6/20 یانەی کوردی لە رۆتردام "میدیا " و یەکێتی ژنانی کوردستان لە هۆڵەندا و لە هۆڵی میدیا، کۆڕێکی زانیارییەخش لە ژێر ناونیشانی ( هونەری نیگارکێشان و ئاوتیزم )، بۆ نوسەر و شارەزا هونەرمەندی شێوەکار (عومەر رەسوڵ) ساز کرد.



سەرەتای کۆڕەکە نووسەر و شاعیر ( لەتیف ئۆمەر) وەک بەڕێوەبەری کۆڕەکە باسێکی گشتی لەسەر ژیانی هونەری و بەرهەمی نوسینی عومەر رەسوڵی هونەرمەند پێشکەش

کرد و تیایدا باسی لە بایەخدانەکانی ناوبراو کرد کە لە کتێب و سیمینارەکانی رابردووی و ئێستایدا کە داویەتی بە سایکۆلۆژیەتی مناڵ و رەنگدانەوەیان لەسەر هونەری نیگارکێشان، پاشان ئاوتیزم و هونەری نیگارکێشان کە بابەتی سازدانی کۆڕەکە بوو جێ هێشت بۆ هونەرمەند عومەر رەسوڵ و ئەویش سەرەتا وێڕای بەخێرهاتنی ئامادەبووان ئاماژەی بە ووشەی ئاوتیزم داو وەک ووشەیەکی بە رەچەڵەک یۆنانی ناساندی کە بەمانای ( دابڕان و گۆشەگیریێ ) دێت و بریتیە لە ( ئاڵۆزی گەشە) و لە تەمەنی سێ ساڵیدا ڕوودەدات.
هەروەها تیشکی خستە سەر جیاوازیەکانی مێشکی مرۆڤی ئاسایی و بە بێ جیاوازی هەموو چین و توێژێک و ڕەگەزو نەتەوەیەک دەگرێتەوە، وتیشی کەوا کوڕ زیاتر لە کچ تووش دەبێت.
کاک عومەر ئاماژەی بە هۆکارەکانی تووش بوون بە ئاوتیزم و ئەو قۆناغانەی تیا تووش دەبن کرد، کە ئەمانەن:




هۆکاری بۆماوە، هۆکاری جینە کان، هەروەها زەبرو فشار لە کاتی لە دایکبووندا، واتە بەزەحمەت لە دایکبوون و کەوتنە ژێر فشارێکی زۆر و یان مانەوەی زۆرتر لە سکی دایکیدا، نە چوونی ئۆکسجین بۆ منداڵەکە ٠٠ تووش بوونی دایکەکە بە نەخۆشی سوورێژە، هە روەها گوومان لە زۆر شتی تریش دەکرێت، وەکو هەبوونی ڤایرۆسێکی تایبەت، هەبوونی مادەی کیمیاوی و پیسبوونی ژینگە .....پاشان بەڕێزیان باسێکی تێر و تەسەلی بۆ ناسینەوە و شارەزا بوون بە ئاوتیزم و نیشانە و دەرکەوتەکانی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.
جگە لەوەش وەک پاڵپشت و روونکردنەوەی زۆرتر و تێگەیشتنی تەواو لە ئاوتیزم پێشاندانی کۆمەڵێک فیلم و بەرهەمی نیگارکێشانی توشبووان بە ئاوتیزم، کە بۆ خۆی لە

*Koerdische Vereniging in Rotterdam "Midia"*

یانەی کوردی لە رۆتردام " میدیا "

's – Gravendijkwal 28
3014 EC Rotterdam
Tel.: 010- 201 96 67

---

ژیانی رۆژانەی کارکردنیدا و لە نزیکەوە مامەڵەی لەگەڵ توشبووان بە ئاوتیزمدا کردووە لە هۆڵەندا.
تا بتوانرانرێت لە کاتی بوون و هەستکردن بە نیشانە و دیاردەکانی هەر شێوازێکی ئاوتیزم لە نێو خێزانەکاندا، کاری پێویست و بەپیرەوچونی بۆ بکرێت و داوای هاریکاری لە شوینە تایبەتمەند و پسپۆڕەکانی بۆ بکرێت، تا بە شێوازێکی دروست و زانستیانە یارمەتی توشبووانی ئاوتیزم بدرێت.

لە نێوەندی کۆڕەکەشدا پشویەک تەرخان کرا بوو بۆ کێک و قاوە و چا، بەشی دووەمی کۆڕەکەش بە پرسیار و سەرنج و روونکردنەوە لەلایەن ئامادەبووانەوە گوڕ و تین و پەرۆشیەکی دا بە کۆڕەکەو بوونی ئەو جۆرە کۆڕانەیان بە سودمەند و پێویست باس لێوەکرد.

راگەیاندنی یانەی کوردی لە رۆتردام " میدیا "